**ئایا تیرۆرکردنی د. عبدالستارشریف هەرەشەیە بۆ نەوشیروان مستەفا؟**

## ئایا تیرۆرکردنی د. عبدالستارشریف هەرەشەیە بۆ نەوشیروان مستەفا؟

on March 17,2008 لەلایەن



د. جەزا چنگیانی

بەکارهێنانی (بقە) بۆ هەڵوێست و ئازادیی و چالاکی سیاسیی، یانی هەڕەشەی (دیکتاتۆر) لە بەرامبەریشەوە ترساندن و ملهوریی و کۆیلەیی. لە کۆمەڵگا و ڕێکخراوی دیموکراسیدا، بوونی (بقە) لە ئاستی بۆچوونی جیاواز و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و سیاسەت، بوونی نییە، ئەگەر کەسێکیش گەورەترین تاوان بە پارت، یان ڕیکخراوەکەی بکات، ئەو کەسە ژیانی توشی(بقە) نابێت، بەڵکو بە ڕێگای یاسایی، یان بە پرینسیب و پەیرەو و پرۆگرامی پارتەکە دوور دەخرێتەوە.

لە کۆبونەوەی ڕۆژی 4-3-2008 ، لە هەولێر جەلال تالەبانی ووتی: (تێکدانی یەکیتی ناو یەکیتی نیشتمانی کوردستان بقەبە) بەکارهێنانی ووشەی (بقە) لە سەر زاری کەسێکی(ئیفلچهزەر)ی وەك جەلال. ڕاستەخۆ پەیوەندی بە بوونیادی بیرکردنەوە و مۆراڵی سیاسی ئەو زەلامەوە هەیە. ئەوەی ئاگای لە مێژووی سیاسیی ئەم دیکتاتۆرە بێت، دەزانی لە ژیانی سیاسیدا چەند نەیاری خۆی لە بەر بقە (تیرۆرکردوە). مەتەڵێک یان پرسیارێك هەیە، کە زۆر کەس بەدوای ئەنجامەکەیدا وێڵن، ئەویش ئەوەیە بۆچی (نەوشیروان مستەفا) دوای چەند ساڵ سیاسەت و چالاکیی لەم بار و دۆخە پیسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا چۆتە خەڵوەتەوە و چاوەڕێی (مهدی)یەکی کورد دەکات؟ کاك نەوشیرەوان مستەفا کەسێکی زۆر هوشیارە و شارەزای سزای تاڵەبانییە، بۆیە نە بە نووسینی نووسەران، نە بە ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان، نە بە فرمێسکی چاوی دایکی شەهیدان، نە بەسکاڵای شارەکەی نابزووێ. ئەمە ئەوە ناگەینی کە نەوشیروان، کەسێکی بەختەوەر بێت. بە بۆچوونی من بێدەنگیی و هەڵوێست وەرنەگرتنی کاك نەوشیروان، ترسە لە جەلال و تیرۆریستەکانی دەوروبەری، چونکە لە پشت کەوالیسی پەیوەندیی مێژوویانەوە، کۆمەڵی بقەی تاڵەبانی بینیووە، بۆیە زمانی نەوشیروان ووشکە و هەنگاوە سیاسییەکانی قرتاندووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا سالح مزەلی ووتی: (چەند پیاوم بۆ مام جەلال کوشتووە).

لە ووڵاتدا بە مافیا چنراوەکەی مندا. هیچ کاتێك یاسا ناتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ، چونکە دەسەڵاتەکان بە هەموو شێوەیەکەوە لەلایەن دەسەڵاتی مافیاوە کۆنترۆڵکراون. تیرۆرکردنی بەڕێز د.عبدالستار بە تیۆزینەوەی یاسای و ئاسایش نادۆزرێتەوە. کوشتنی نووسەرێکی وەك د. عبدالستار لە سەر قاچاخچێتی و کۆنتەراتی دزیی و ئافرەت و سامان و شتە پیسەکانی کۆمەڵگای کوردی نەبووە، بەڵکو لە سەر (ووتار و پەرتووك و یادشتەکان هەڵویستی

سیاسیەوە) بووە. کێ بێت دژی د. عبالستار؟ ئەمەریکاییەکان؟ سونە و شیعەکانی عیراق؟ ئەوان لە تاوگرفتی نێوخۆیان سەریان ناپەرژێت بەدوای خاوەن پێنوسیکی کورددا بگەڕین. د.عبدالستار بڤەش نەبووە بۆ سەر تورکمانەکان، کەواتە وەکوو ڤیان خانی کچی دەڵێت: کورد کوشتویەتی. کورد کێ بێ؟ پێش ماوەیەك و لە سەرداخوازی جەلال، د. عبدالستار دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی کەرکوك. ئەم گویزانەوەیە و کوشتنەکەی پەیوەندییەکی دیالیکتیکیانەیان پێکەوە هەیە. کەواتە گوێزانەوەکەی بە مەبەست بووە نەك پیویست. دەسەڵاتی سلیمانی قۆرخکراوی جەلالە، هەولیر و دهۆکیش هی مسعودە. کەرکوك بە فەرمی لە ژێر هیچ لەو دوو دەسەڵاتەدا نییە. بۆیە هیچ کامێك لەو دوو دەسەڵاتە خۆیان بە بەرپرسیاری کاری تیرۆرەکانی شاری کەرکوك نازانن. لە تیرۆری سیاسیدا پارێزەران و دەستگای ئاسایش ناتوانن بە بەدواداچوون لە سەر راستییەکان بکەن. وەلێ توێژینەوەی سیاسیی یان ڕیپۆرتاچ و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسێك، ئەویش لە پاڵ خویندنەوەی باکگراوندی کەسی تیرۆرکراو، ئەدمۆسفیری سیاسیی ناوچەی تیرۆرتیاکراو دەتوانرێ بە مەزەندەیی بگاتە ئەنجامێک. کوشتنی نووسەری کورد (موسا عەنتەر) بەدەستی میتی تورکی. هیچ کەسێك بەڵگەی نەبوو، بەڵام ئاشکرایە، کە تورك کوشتیان. کوشتنی نووسەری فەلەستینی(غسان کەنفانی) هەموو دونیا دەزانی کێ کوشتویەتی ... هتد.

ئیمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی، باشووری کوردستاندا، ئۆپۆزسوینی سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سایت هەن جەربەزانە چاودیری دەسەڵاتن. بەهزری پریمتیفی دەسەڵاتی کوردی (ڕۆشنبیرانی جەربەزە دوژمنیانن) ئەم گۆڕەپانەش لەلایەن دوو خیزانی مافیای(تاڵەبانی و بەرزانیەوە) قۆرخکراوە. ئەم دوو خیزانەش لە زمانی چەك زیاتر هیچ زمانیکی تر نازانن و میژووی خۆیناوی نێوان ئەم دوو خیزانە ڕاستگۆترین گەواهی ئاوزانی سیاسیی ئەو میکرۆبانەن. نمونەی چی بهێنمەوە، تا ئیستا د. کمال سەید قادر لە شاری ڤین لە نەخۆشخانەیە کوڕی سەرۆکی پارتێکی دیموکرات لە سەر نووسینەکانی فەلاقەی کرد. ماوەیەك لە مەوبەر کوردیکی داماوی جەلالی لە یونانەوە دەنیرن بۆ کوشتن یان تەمیکردنی من. بەرێکەوت ئەو کەسە بەرێزە لە شەویکی مەست بوونیدا و لەتەك هاوکارێکم کە لە لای من کاری دەکرد. باسی هۆی هاتنەکەی بۆ ئەلمانیا دەکات (بۆ تەمێکردنی جەزا چنگیانی) وایان لەو کەسە بەڕێزە گەیاندووە، گوایە من بەعسیم و ئەو سامانەی هەمە هی سەدامە. دوای ئەوەی ڕاستییەکەی بۆ دەردەکەویت، چەند بەرهەمێکی منی دەدەنێ و دەخۆینیتەوە دەڵی (من نەمزانیوە ئەم زەلامە ئەوندە کوردستانییە) هیشتا لە شاخ بوون هەوڵی کوشتنی نووسەر کاك (فوادی مجید میسری)یاندا، بەڕێکەوت ئەو کەسەی نادرابوو بۆ کوشتنی کاك فواد کەسێکی بەڕێز و هوشیاری نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە بوو، بەهۆی گویگرتن لە دوو کادیری هوشیاری کۆمەڵەی ناوشار (مامۆستا نەبەز و مامۆستا کامەران) لە کوشتنی کاك فواد پەشیمان دەبێتەوە. بۆیە پیویستە (کاك فوئاد) هەمیشە سوپاسگوزرایی ئەو دوو کادێرەی کۆمەڵە بێت. هەرەشەی کوشتن لە برای هیژام نووسەری بە توانا و خاوەن هەڵوێست (ڕووف حەسەن) لەلایەن مەلا بەختیارەوە. هەوڵی کوشتنی بەڕێز (حەمەی حاجی محمود) لەلایەن جەلالییەکانەوە لە دوای بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی. ئەو دوو خێزانە لە چەکی کورد ناترسن، چونکە لەم لایەنەوە بەهێزن، بەڵکو لە پێنوسی بوێر دەترسن: (چونکە لەم لایەنەوە زۆر داماون) کۆمەڵی نووسەری دز و بە ناو ڕۆژنامەنووسی خۆفروش زیاتر کەسێکیان لە دەور نییە. ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سایتە کوردیانەی بوونەتە چاودیری گەندەڵی و کاری مافیا ئەم دوو خێزانە. بەدوژمنی خۆیانیانی دادەنین.

کەواتە بۆ دۆزینەوەی هۆی تیرۆرکردنی د.عبدالستار تەنیا ڕاسترین وەڵام لەو نووسینانەیدایە کە نهینیە سیاسیەکانی لە ئامێز گرتووە (تاڵەبانی و بەرزانی) لەو نهێنانەدا بێبەش نین. بە تایبەتی د. عبدالستار ماوەیەك پۆستی لە کابینەی ڕژێمی عیراقیدا وەك (کورد) هەبووە. ئەگەری کۆمەڵی ڕاستی لایە کە ئەو ڕاستیانە (بڤەن) بۆ هەردوو دەسەڵاتی مافیا. هێڵی سوور لای ئەوان سوکایەتیکردن نییە بە سەروەریی نەتەوەی کوردەوە و چونکە ئەوان بەدریژای تەمەنی سیاسییان سوکایەتیان بە سەروەریی نەتەوەی کورد و بەها جوانەکانی مرۆڤی کورد کردووە. هیڵی سووری ئەوان تەنیا ئەو هێڵە (ڕەشەیە) کە بەدڕکەزی (بڤە) بە دەوری بەرژەوەندی خێزانی خۆیانیان پێکیشاوە. ئەوەی گرنگ بێت بۆ میژووی کورد و کەسایەتی، د. عبدالستار چاپکردنی بەرهەمەکانیتی وەکی(خۆی) نووسیوێتی. ئەگەر بەڕێز (ڤیان خانی کچی د.عبدالستار و برازای بەڕێزی کاك لوقمان) گەرەکیان بێت هۆی کوشتنەکەی ئاشکرابێت ئەو پیویستە ڕاستیەکان وەکی خۆی بڵاوبکرێتەوە و بیر لەوە

نەکەنەوە لە باشوری کوردستاندا چاپیبکەن. چونکە هەموو دەستگای چاپ و میدیای کوردی لە لایەن سیخورەکانی پاراستن و زانیاریەوە کۆنترۆلکراوە (لەم بارەیەوە و لەپێناوی خزمەتی مرۆڤی کورددا ئامادەی کۆمەکی خۆمیان بۆ چاپکردنی یاداشت و بەرهمەکانی د.
عبدالستار لە هەندەران نیشاندەدەم) نمونەیەکی زۆر لەو نووسەرانە هەن کە چەند ساڵە چاوەڕێی چاپکردنی بەرهەمێکن و دەزگاکانی ئەو دوورێکخراوە وەڵامیان نادەنەوە چونکە وەك نووسەری دەربار ناونووس نەکراون مووچە و خەڵات وەرناگرن. کەواتە کاتێك هیواکانی د.عبدالستار دێتەدی کە بەرهەمەکانی لە هەندەران بەچاپبگەیەنن.
هەرەشەکردن و تۆمارکردنی داوای دادیگایکردن و لێدان و سوکایەتیکردن بە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان و هاککردنی کوردستانپۆست وەك سایتیکی جەربەزەی فراوان. کۆمەك و خەڵاتکردنی نووسەری دز. دیدێکی ئاشکرای مۆراڵی سیاسی کوردیە. بەرامبەر بە ئازادیی تاکی کۆمەڵگا و مۆراڵی جوانی سیاسەت.
دڵنیام لەوەی کاك نەوشیرەوان نهێنی گەلێك لایە ئیستا بڵاویان ناکاتەوە بۆ ئایندەش نازنم لە بەردوو هۆ :
یەکەم: لە ترسی بڤەی جەلال.
دووهەم: لە هەندی لەو نهێنیانەدا خۆشی  ئەکتەریکی ئەکتیف بووە.

تیرۆرکردنی د. عبدالستاریش هەر وایە، کۆمەڵی نهێنی لایە و خودی خۆشی ئەکتەریکی ئەکتیف بووە لە ڕووداوەکاندا، کەواتە لێکچوونی لە نێوان تیرۆری د. عبدالستار و خەڵوەتەکەی کاك نەوشیرواندا هەیە. ئێمە نازانین د. عبدالستار چی نووسیوە وەلێ دەشێ بۆ میژوو هەندی نهێنی نووسیبوێت، ئەگەریش خودی خۆشی تێدا تاوانبار بوویێت بیگۆمان ئەمەشیان بۆ پاککرنەوەی هەڵەکانی میژوویەتی (ئەگەر هەیبوویێت) تیرۆرکردنی د.عبدالستار دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارە و تەنیا هەڕشە نییە، بۆ کاك نەوشیروان بەڵکو بۆ گشت ئەو پێنوسە جەربەزانە، کە دەسەڵاتی مافیای کوردیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ ئەم ووتارە کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:
سایتی کوردستانپۆست
سایتی کوردستانی نۆی
هاو وولاتی و تارەکەی بەڕێز سۆزان مامەحەمە
سایتی ئاوێنە

فرانکفۆرت  2008/03/15
jazachingiani@hotmail.com